بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمـارە (٤) ساڵی یەکەم ١٨ /١٠/٢٠٠٠ز (٤)ی گوڵانی ٢٧٠٠ی کـــوردی /(١٠) ربیع الآول ١٤٢١ی کـــۆچـی

## لەم ژمـارەیـەدا :


- **بڕیاری ژمارە/١٨ لـە ٢٠٠٠/٩/٢٧**

یاسای ژمارە (٤)ی سـاڵی ٢٠٠٠

یاسای رێکخستنی تاوانـە (غـرامـە)ی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستانی عێراق

- **بـڕیاری ژمارە /١٩ لـە ٢٠٠٠/١٠/١**

یاسای ژمارە (٥)ی ســاڵی ٢٠٠٠

یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٩٣ی وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکـاری

- **بڕیاری ژمارە /١٣ لـە ٢٠٠٠/٩/٢٤**

پەسندکردنی دەست لەکارهەڵگرتنی رێزدار عەدنـان نەقشـبەنـدی لە ئەندامەتی پەرلەمان

- **بڕیاری ژمارە /١٤ لـە ٢٠٠٠/٩/٢٤**

پەسندکردنی ئەندامەتی رێـزدار د . ئیدریس هـادی سـاڵح لـە پەرلەمان

- **بڕیاری ژمارە /١٥ لـە ٢٠٠٠/٩/٢٤**

رێـــزلێـــنــــان لـــــە هەنـــــدێ کـەســـایەتی عەرەبی و عێـراقی

- **بڕیاری ژمارە /١٦ لـە ٢٠٠٠/٩/٢٤**

درێـژکـــردنــەوەی کارکـــردن بە بڕیاری ژمارە (١٧)ی سـاڵی ١٩٩٩ لـە ٢٠٠٠/٨/٤وەتـاکـو ٢٠٠١/١/٤

- **بڕیاری ژمارە /١٧ لـە ٢٠٠٠/٩/٢٦**

پەسندکردنی ئەندامەتی پاڵێوراو جـەلال سـەلیم خۆشـناو لە شوێنی ئەندامی دەست لەکارهەڵگرتوو عـەدنان نەقشـبەندی

## بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان

**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیـــار: ١٨**
**مێژووی بڕیـــار: ٢٠٠٠/٩/٢٧**

**(( بـڕیـــــار ))**

پشت بەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٥)ی رۆژی (٢٠٠٠/٩/٢٧)یدا ئەنجامی داوەو ، بەپێی حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

## یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٠)
## یاسای ڕێکخستنی غەرامەکانی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا

**یەکــەم:**

هەر کەسێ ، لەکارێ لەم کارانەی خوارەوە تێوەگلێ بەم غەرامەیە سزا دەدرێ کە بەرامبەری دیاری کراوە :

١.ئۆتۆمبیلێ بازۆێ لەوحەی تۆمارەکەی روون و ئاشکرا نەبێ یا فەوتابێ غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە.

٢. ئۆتۆمبیلێ بازۆێ لەوحەی تۆماری نەبێ غەرامەکەی (٢٠٠) دووسەد دینارە .

٣. ئۆتۆمبیلی گەورەی بارهەڵگر و هی ئینشائی و کشتوکاڵی یا پاسی گەورە ، لە کۆڵانەکان یا شەقامەکانی ناوەوە و ناوچە نشینگەکاندا بەجێبهێلێ یان شەو لەو جێگایانەدا بیهێڵێتەوە ، غەرامەکەی (٧٥) حەفتاو پێنج دینارە ، بەڵام ئەوانە ناگرێتەوە کە ماوەیەك ، هەر هەندەی بەشی بارداگرتن یان بارکردن بکات ئۆتۆمبێلەکانیان دەوەستێنن .

٤. ئۆتۆمبیل ڕاگرتن لەسەر شۆستە غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە .

٥. ئۆتۆمبیلێ لەجێگایەکدا بوەستێنێ کە بۆ وەستاندنی ئۆتۆمبێل قەدەغە کرابێ ، یا لەڕێزی دووەمدا ((هاوشان)) بیوەستێنێ ، غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە .

٦.ئاڵووالآی ڕازاندنەوە ، یاهی ڕاگەیاندن ، یان نووسین و وێنە ، لەسەر بۆدیی ئۆتۆمبیل یان پەنجەرەکانی پێشەوەی یان دواوەی دابنێ ، غەرامەکەی (٣٠)سی دینارە .

٧.شەوقی بەرز ، بەجۆرێ هەڵکا ، سەر لەشوفێری ئۆتۆمبێلەکانی تر بشێوێنێ ، غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە .

٨.لەجادەکانی دەرەوەی شاردا ، ئەو ئۆتۆمبیلانەی پشتێنی دڵنیاییان تێدایەو ، نەیانبەستبێ ، غەرامەکەی (١٠)دە دینارە .
٩.لەو جێگایانەدا ، هۆڕن لێدا کە پۆلیسی هاتوچۆ هۆڕن لێدانی تێدا قەدەغە کردبێ ، یان ئامێری هۆڕنی هەوایی ، یان هی هەمە ئاواز بخاتە کار ، یان (( سەمماعە ))ی گەورە لە دەرەوەی ئۆتۆمبیل دابنێ ، یان هۆڕن بەدەنگی بەرز لێبدا ، یا هۆڕنی وەکو دەنگی گیانەوران بەکاربێنێ ، غەرامەکەی (٧٥) حەفتاو پێنج دینارە .
١٠.شووشەی لێڵ و چاوبەستی لە پەنجەرەکانی ئۆتۆمبیلەکەی گرتبێ ، غەرامەکەی (٢٠٠) دوو سەد دینارە .
١١.پەردەی قوماش ، یا پەردەی کانزای چاوبەستی لە شووشەکانی دواوە یا لە شوشەکانی لاتەنیشتی ئۆتۆمبیلەکەی گرتبێ ، غەرامەکەی (٢٠٠) دوو سەد دینارە.
١٢.بەکەمتەرخەمی ، یان بەلاساری ئۆتۆمبیل باژوێ ، غەرامەکەی (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا دینارە .
١٣.هەر شوفێرێ بۆ ئیشارەتی گڵۆپەکانی هاتوچۆ ، یان بۆ ئیشارەتی پۆلیسی هاتوچۆ ملکەچ نەبێ ، غەرامەکەی (١٠٠)سەد دینارە .
١٤. ئۆتۆمبیل بە پێچەوانەوەی ئاڕاستەی هاتوچۆ ، کە دەسەڵاتی هاتوچۆ دیاریی کردووە ، باژوێ ، غەرامەکەی (٢٠٠) دووسەد دینارە .
١٥.هەر شوفێرێ ، لەشانی ڕاستەوە پێش ئۆتۆمبیلێکی تر بکەوێ و بەهەڵە تێپەڕێ ، غەرامەکەی (١٠٠)سەد دینارە .
١٦.بەرزکردنەوەی باروبارخانەی ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر ، بەرزتر لەو ئاستەی کە پۆلیسی هاتوچۆ دیاریی دەکا ، غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە .
١٧.باروبارخانەی ئۆتۆمبیلەکەی بە جۆرێکی توندو تۆڵی ئەوتۆ دانەپۆشیبێ کە نەیەڵێ لەکاتی ڕێکردن یان لەرینەوەدا ، بارەکەی بپەڕێ یا بڵاوبێتەوە ، یان بەربێتەوە ، غەرامەکەی (١٠٠) سەد دینارە .
١٨.لەو جێگایانەوە پێچ بکاتەوە کە ڕێگای پێچ کردنەوەی پێ نەدراوە ، غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە .
١٩. ئۆتۆمبیل بە خێراییەك ، زیاتر لەو خێراییە باژوێ کە یاسا دیاریی کردووە ، غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە .
٢٠. ئۆتۆمبیلێ باژوێ شەرتوشروتی توندوتۆڵی و دڵنیایی تێدا نەبێ (( کەموکوڕی لە گڵۆپەکانی پێشەوە ، یا دواوەی ، یا ئیشارەتەکانی لاتەنیشتەکانیدا هەبێ )) غەرامەکەی (١٠٠) سەد دینارە .

**دووەم :**

١.هەریەکە لە ئەفسەری هاتوچۆ و قۆمیسەر(مفوض)ی تا پلەی دووەمی هاتوچۆ ، دەسەڵاتی دادوەریان پێ دەدرێ ، بۆ ئەوەی سزاکانی ئەو سەرپێچییانەی کە دەیگرن و لەبەندی (یەکەم)ی ئەم یاسایەدا هاتووە ، بسەپێنن .
٢.ئەو بڕیاری حوکمەی کە ئەفسەری هاتوچۆ یان قۆمیسەری پلە دووی هاتوچۆ بەپێی ئەم فۆرمە (نموذج)ی هاوپێچ لەگەڵ ئەم یاسایەدایە ، دەیدا ، بڕدراوەیەو ، هەر ئەوەیە .

**سێیەم :**
لە (٢٥ ٪)ی ئەو غەرامە فەوریانەی كە وەردەگیرێن بۆ كارمەندانی هاتوچۆ تەرخان دەكرێ.
**چوارەم :**
هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت ، كاری پێ ناكرێ .
**پێنجـەم :**
وەزیرە پێوەندیدارەكان ، دەبێ حوكمەكانی ئەم یاسایە بخەنەكار .
**شەشەم :**
ئەم یاسایە لە رۆژی بلاْوكردنەوەی لە رۆژنامەی ڕەسمیدا ، دەخرێتەكار .

**د. رۆژ نــوری شاوەیس**
**سەرۆكی ئە نجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**

**بە نـاوی خوای گەورەو میهرەبـان**

**بە نـاوی گەلەوە**
**ئە نجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیـــار: ١٩**
**مێژووی بڕیـــار: ٢٠٠٠/١٠/١**

(( **بـڕیـــار** ))

لەســـەر ئـــەو یاســـاكارییەی كـــە ئەنجومـــەنی نیـــشتمانیی كوردســـتانی عێـــراق لـــە دانیـــشتنی ژمـــارە (٦)ی رۆژی (٢٠٠٠/١٠/١)یـــدا ئـــەنجامی داوەو ، پـــشت بـــە حـــوكمی برگـــە (١)ی مـــاددەی (٥٦) لـــە یاســـای ژمـــاە (١٩)ی هـــەمواركراوی ســـاڵی (١٩٩٢)و ، بـــە پێـــی ئـــەو دەســـەلاْتەی كـــە برگـــە (٣)ی مـــاددەی دووەم لـــە یاســـای ژمـــارە (١٠)ی ســـاڵی (١٩٩٧)پێمـــانی داوە ، بڕیـــاری دەرهێنـــانی ئـــەم یاســـایەی خوارەوەمان دا :

# یاســای ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠٠٠

## یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە ( ٢٠ )ی ساڵی ( ١٩٩٣ )ی وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاریی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم :**

مـاددەی پێنجـەمی یاسـای ژمـارە (٢٠)ی سـاڵی (١٩٩٣)ی وەزارەتـی یارمـەتیی مرۆڤایـەتی و هاوکاریی هەرێمی کوردستانی عێراق هەمواربکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە بخوێنرێتەوە:

**ماددەی پێنجەم :**

پەیکەربەندی (پێکهێنەکانی)وەزارەتەکە لەمانە پێك دێ :

١. نوسینگەی وەزیـر .

٢. نوسینگەی بریکاری وەزارەت .

٣. بەرێوەبەرێتی گشتی دیوان :فرمانبەرێ بە پلەی بەرێوەبەری گشتی سـەرۆکایەتی دەکـا بــە مــەرجێ بڕوانامــەی ســەرەتایی زانکــۆیی هــەبێ ، ئەمانــەی خوارەوەشــی پێــوە دەبەسترێ .

أ. بەڕێوەبەرێتی حسابات (ژمێریاری) .

ب. بەڕێوەبەرێتی تەدقیقکردن .

ج. بەڕێوەبەرێتی ئیدارەو زاتییە .

٤. بەڕێوەبــەرێتی گــشتیی پێوەندییــەکان : فرمانبــەرێ بــە پلــەی بەرێوەبــەری گــشتی ســەرۆکایەتی دەکــا بــە مــەرجێ بڕوانامــەی ســەرەتایی زانکــۆیی هــەبێ ، ئەمانــەی خوارەوەشی پێوە دەبەسترێ .

أ. بەڕێوەبەرێتی رێکخراوەکان .

ب. بەڕێوەبەرێتی تەنسیق و ئامادەکردنی پڕۆژەو بەدواداچوون .

٥. بەڕێوەبەرێتی گشتی سەفەرکردن : فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی هەبێ .

٦. بەڕێوەبەرێتی گشتی نوێنەرایەتییەکانی هەندەرانی حکومەتی هەرێم : فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا ، بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی هەبێ ، بە مەرجێ ، لە کەمی زمانی ئینگلیزی بە تەواوی بزانێ ، نوێنەرایەتییەکانی هەندەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقیان پێوە دەبەسترێ کە ئەم دەسەلاتانەی خوارەوەیان پێ دەدرێ .

أ. تەحریری میرات (( تحرير التركات )) .
ب. پێڕاگەیاندنی (( تبليغ ))ی ئەوراقی دادگایی .
ج. دەسەلاتی هەقیانەتنووس ( دادنووس )) .
د. بەجێگەیاندنی داواکارییەکانی جێگرتنەوە لە پێچانەوەدا (( الأنابة في التحقيق ))
هـ. جێگرتنەوە لە سوێندداندا (( الأنابة في التحليف )) .
و. موخابەرەکانی معاملەی حاڵوئەحواڵی مەدەنی .
ز. موخابەرەکانی کاروباری کۆنسڵگەری .

٧. بەڕێوەبەرێتی کاروباری یاسایی .

**ماددەی دووەم :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ، ناخرێتەکار .

**ماددەی سێیەم :**

ئەم یاسایە لەو رۆژەوەی کە لە رۆژنامەی رەسمیدا بلاۆدەکرێتەوە ، دەخرێتەکار .

**د. رۆژ نـــوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

(( **هۆکاری پێویست** ))

لەبەر ئەوەی کە ئەرك و فرمانی ئەم وەزارەتە ، لە بواری بۆ هەندەران سـەفەرکردندا

زیاتر بووەو ، چەندین بەڕێوەبەرێتی سەفەرکردنیش لە هەرێمەکەماندا کراونەتەوە کە پێویستیان بە بەڕێوەبەرێتیەکی گشتی هەیە سەرپەرشتی ئیشەکانیان بکات و کاروباریان رێك بخات و ، لەبەر رووڵەزیادبوونی ئەو پێوەندییە نێودەوڵەتییانەش کە لە گەڵ هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەرفراوان بووەو ، لە گەڵ دەوڵەتانیشدا نوێنەرایەتیی هەرێم کراونەتەوە ، لەبەر ئەوانە هەمووی ، وامان بەباش زانی ، بۆ رێکخستنی کاروباری سەرشانخراوی ئەو دایەرانە کە پێویستە بە بەڕێوەبەرییەکی گشتییەوە ببەسترێ ، ئەم یاسایەمان تەشریع کرد .

## به ناوی خوای گەورەو میهرەبان

**بە ناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیــار: ١٣**

**مێژووی بڕیــار: ٢٠٠٠/٩/٢٤**

**(( بـڕیـــار ))**

پشت بە حوکمی بڕگە (٢) لە ماددەی (٤٣)ی یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢و ، ماددە (٣٥)یش لە پێڕەوی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەن ، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ، لە دانیشتنی ژمارە (٣)ی رۆژی ٢٠٠٠/٩/٢٤یدا ئەم بڕیارەیدا :

**یەکـــەم:**قبوڵ کردنی دەست لەکارهەڵگرتنی ( عدنان محمد حسام الدین نەقشبەندی ) لە ئەندامێتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ، چونکە خۆی بۆ پۆستی ئەرکی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی تەرخان کردووە .

**دووەم:** دەست لەکارهەڵگرتنەکەی لە رۆژی ٢٠٠٠/٩/٢٤ەوە ، دەخرێتە کار .

**سێیەم:** ئەم بڕیارە لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە .

**د. رۆژ نــوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## به ناوی خوای گەورەو میهرەبان

**به ناوی گەلەوە**

**ئه نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیـــار: ١٤**

**مێژووی بڕیـــار: ٢٠٠٠/٩/٢٤**

(( بـڕیـــار ))

پشت به حوکمی مادده (٤٤)و بڕگه (٢) له ماددەی (٣٧)ی یاسای ژماره (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ و ، لەسەر داوکاریی ژماره (١١٥٦)ی رۆژی ٢٠٠٠/٩/١٦ی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ، که خۆی خاوەنی لیستی (زەرد)ی هەڵبژاردنه ، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ، له دانیشتنی ژماره (٣)ی رۆژی ٢٠٠٠/٩/٢٤یدا ئەم بڕیارەیدا :

**یەکەم:** پاڵێوراو د. ادریس هادی صالح ، به ئەندام له ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقدا قبوڵ دەکرێو ، جێگای ئەندامی خوالێخۆشبوو ئەندامی کۆچکردووی ئەنجومەن (( کانبی عزیز دزەیی )) دەگرێتەوە .

**دووەم:** ئەم بڕیاره له رۆژی ٢٠٠٠/٩/٢٤وە ، دەخرێته کار .

**سێیەم:** ئەم بڕیاره له رۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە .

**د. رۆژ نـــوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئه نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# به ناوی خوای گەورەو میهرەبان

**به ناوی گەلەوه**

**ئه نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیـــار: ١٥**

**مێژووی بڕیـــار: ٢٠٠٠/٩/٢٤**

**(( بـڕیـــار ))**

پشت بـه حوكمـەكانی بڕگـه (١) لـه مـاددەی (٥٦)ی یاسـای ژمـاره (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی ١٩٩٢ ، ئەنجومـــەنی نیـــشتمانیی کوردســـتانی عێـــراق لـــه دانیـــشتنی ژمـــاره (٣)ی رۆژی (٢٠٠٠/٩/٢٤)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا .

**یەکــەم:** لەبەر ئەو هەڵوێسته پیرۆزانەی که ئەم شەخسییەتانەی ناویان له خوارەوه تۆمارکراوه ، بەرامبەر بـه مـافی نەتـەوەیی گـەلی کـورد و بزووتنـەوەی رزگـاریخوازو ئامـانجی شـەرەفمەندو داواکارییه ڕەواکـانی گـەلی کـورددا بوویانـەو ، گـەلی کوردسـتانیش ، خـۆی ئاسـایی ، بـەوەفاوه پاداشـتی ئـەو هەسـت و هەڵوێـسته مرۆڤایەتییـەیان دەداتـەوه ، لەبـەر ئەوانـه ، ئەنجومـەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بڕیاریدا که به جۆرێکی ئـەوتۆ تـەکریمیان بکـات لەگـەڵ شـان و شەوکەتی بالآیاندا بشێو ، ناویـان لـەدڵ و دەروون ویـادی گەلەکـەمان و نـەوەکانی دوا ڕۆژیـدا هەمیشه بمێنێ و له یاد نەچێ ، ئەو زاتانەش ئەمانەن :

أ. بەهەشتی ((**سەرۆك جمال عبدالناصـر**)) سەرکۆماری پێشتری میسری عەرەبی.

ب. بەهەشتی ((**أية الله العظمى السيد محسن الحكيم**)) مەرجەعی ئاینی شیعەکان.

ج. بەهەشتی ((**عزيــز شـريف**)) وەزیــری دەولەی پێشتری عێراق .

د. بەهەشتی ((**كامل الجادرجي**)) سەرۆکی حزبی نیشتمانیی دیموکراتی عێراق.

ه. بەهەشتی ((**محمد مهدی الجواهری**)) شاعیری گەورەی عەرەب .

**دووەم:** ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە شێوازی ئەم تەکریم کردنـەیان بـەجۆرێ دابڕێـژێ لەگـەڵ شان و شەوکەتی هەر یەکەیاندا بشێو ، مەبەستی ئەم بڕیارە بێنێتەجێ .
**سێیەم:**دەبێ ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە بخەنەکار .
**چـوارەم:** ئەم بڕیـارە لە رۆژنامەی رەسمیدا بلاّودەکرێتەوە .

**د. رۆژ نـــوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**
**ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیـــار: ١٦**
**مێژووی بڕیـــار: ٢٠٠٠/٩/٢٤**

(( بـڕیـــار ))

پشت بەو دەسەلاّتەی کە بەپێی برگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی سـالّی ١٩٩٧ پێمان دراوەو ، لەسەر ئەو یاسـاکارییەش کـە ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێـراق ، لـە دانیشتنی ژمارە (٣)ی رۆژی ٢٠٠٠/٩/٢٤یدا ئەنجامیدا ، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا:
**یەکـــەم:** درێژکردنـــەوەی کـارکردن بـە بڕیـاری (ژمـارە ١٧/ی سـالّی ١٩٩٩)ی ئەنجومــەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە (٢٠٠٠/٨/٤)ەوە تا (٢٠٠١/١/٤ ) .
**دووەم:** پێویستە وەزیـری ناوخـۆ ئەم بڕیارە بخاتەکار .
**سێیەم:** ئەم بڕیـارە لە رۆژنامەی رەسمیدا بلاّودەکرێتەوە .

**د. رۆژ نـــوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان

**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیــــار: ١٧**
**مێژووی بڕیــــار: ٢٦/٩/٢٠٠٠**

(( **بــڕیـــــار** ))

پــــشت بــــە حـــــوکمی مـــاددە (٤٤)و بڕگــــە (٢) لـــــە مــــاددەی (٣٧)ی یاســــای ژمـــــارە (١)ی هـــــەموارکراوی ســـــاڵی ١٩٩٢و ، لەســــەر داواکـــــاریی ژمـــــارە (١١٥٦)ی ڕۆژی ١٦/٩/٢٠٠٠ی مەکتـــــەبی سیاســــــیی پـــــارتی دیمــــوکراتی کوردســــــتان کــــــە خـــــۆی خـــــاوەنی لیـــــستی (زەرد)ی هەڵبژاردنـــــــە ، ئەنجومـــــــەنی نیـــــشتمانیی کوردســــــتانی عێـــــراق ، لـــــە دانیــــشتنی ژمـــــارە (٤)ی ڕۆژی ٢٦/٩/٢٠٠٠یـــــدا ئـــــەم بڕیاەیدا :

**یەکــەم:** پاڵێوراو جلال سلیم رسول خۆشناو بەئەندام لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقدا قبوڵ دەکرێو ، جێگای ئەندامی دەست لە کار هەڵگرتوو (( عدنان محمد حسام الدین نەقشبەندی ))دەگرێتەوە .

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی ٢٦/٩/٢٠٠٠ەوە ، دەخرێتەکار .

**سێیەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی رەسمیدا بلاّودەکرێتەوە .

**د. ڕۆژ نــــوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## بسم الله الرحمن الرحيم

**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستـان العـراق**
**رقم القــرار: ١٨**
**تأريخ القــرار: ٢٠٠٠/٩/٢٧**

(( **قــرار** ))

بنـاءاً علـى مـا شـرعه المجلـس الـوطني لكوردسـتان – العـراق بجلسـته المرقمـة (٥) و المنعقـدة بتـأريخ ٢٠٠٠/٩/٢٧ إسـتناداً الى حكـم الفقـرة (١) مـن المـادة (٥٦) مـن القـانون رقـم (١) لـسنة (١٩٩٢) المعـدل و للـصلاحية المخولـة لنـا بموجـب الفقـرة (٣) مـن المـادة الثانيـة مـن القـانون رقـم (١٠) لـسنة (١٩٩٧) قـررنا اصـدار القانون الأتـي :

## قــانــــون
### رقم (٤) لسنة (٢٠٠٠)
### قانــون تنظيم الغرامات المرورية في أقليم كوردستان–العـراق

**أولاً :**

يعاقب كل من أرتكب مخالفة من المخالفات الأتية بالغرامة المحددة ازاءها :

١.قيادة مركبة ذات لوحة تسجيل غير واضحة او تالفة (٥٠) خمسون ديناراً .
٢.قيادة مركبة خالية من لوحة التسجيل (٢٠٠) مائتا دينار .
٣.تـرك او مبيـت مركبـات الحمـل الكـبيرة و الأنـشائية و الزراعيـة و الحـافلات في الأزقـة و الـشوارع الداخليـة و المنـاطق الـسكنية ولا يـشمل ذلـك ايقافهـا ضـمن المدة الملائمة للتفريغ او التحميل (٧٥) خمس وسبعون ديناراً .
٤.ايقاف المركبة على الرصيف (٥٠) خمسون ديناراً .
٥.ايقـافٍ مركبـة في مكـان يمنـع فيـه وقـوف المركبـات او ايقافهـا صـفاً ثانيـاً (مزدوجا) (٥٠) خمسون ديناراً .
٦.وضـع ملـصقات الزينـة والأعـلان والكتابـة والرسـم علـى جـسم المركبـة او زجاجها الأمامي او الخلفي او الجانبي (٣٠) ثلاثون ديناراً .
٧.اسـتعمال الـضوء العـالي بالـشكل الـذي يـؤثر علـى سـائقي المركبـات الأخـرى (٥٠) خمسون ديناراً .
٨.عـدم اسـتعمال حـزام الأمـان في المركبـات الـتي تتـوافر فيهـا احزمـة الأمـان اثناء سيرها في الشوارع الخارجية (١٠) عشرة دنانير .
٩.اسـتعمال جهـاز التنبيـه في الأمـاكن الـتي يمنـع فيهـا اسـتعماله مـن قبـل شـرطة المـرور او اسـتعمال جهـاز التنبيـه الهـوائي او المتعـدد النغمـات او وضـع سماعات كبيرة خارجية او

استعمال المنبهات بصوت عال او على شكل اصوات الحيوانات (٧٥) خمس وسبعون ديناراً.
١٠.استخدام الزجاج المظلل في نوافذ المركبات (٢٠٠) مائتا دينار .
١١.وضع الستائر النسيجية والمعدنية الحاجبة للرؤية على الزجاجة الخلفية او الجانبية (٢٠٠) مائتا دينار.
١٢.قيادة المركبة باهمال او رعونة (٢٥٠) مائتان وخمسون ديناراً .
١٣.عدم امتثال السائق لأشارات المرور الضوئية او أشارات رجل المرور (١٠٠) مائة دينار
١٤.قيادة المركبة بصورة معاكسة لوجهة المرور المقررة من سلطات المرور (٢٠٠) مائتا دينار
١٥.تجاوز السائق سيارة أخرى من الجهة اليمنى والأجتياز الخاطيء (١٠٠) مائة دينار .
١٦.تجاوز الأرتفاع المقرر لحمل المواد في سيارات الحمل وفق ماتحدده شرطة المرور (٥٠) خمسون ديناراً .
١٧.عدم تغطية حمولة مركبات الحمل بصورة محكمة بشكل يؤمن عدم تطاير او تناثر او تساقط الحمولة اثناء سيرها او ارتجاجها (١٠٠) مائة دينار .
١٨.الأستدارة في الأماكن غير المسموح بالأستدارة فيها (٥٠) خمسون ديناراً .
١٩.قيادة المركبة بسرعة تزيد على السرعة المقررة قانوناً (٥٠) خمسون ديناراً .
٢٠.قيادة مركبة لاتتوافر فيها شروط المتانة والأمان (( نقص الأضوية الأمامية والخلفية والأشارات الجانبية )) (١٠٠) مائة دينار .

## ثانيـاً:

١.يخول كل من ضابط المرور ومفوض المرور حتى الدرجة الثانية سلطة حاكم لغرض فرض العقوبات عن المخالفات المضبوطة من قبله المذكورة في البند (اولاً) من هذا القانون .
٢.يكون قرار الحكم الذي يصدره ضابط المرور أو مفوض المرور حتى الدرجة الثانية

وفق النموذج المرفق بهذا القانون باتا .

**ثالثاً :**
تخصيص (٢٥٪) من مبلغ الغرامات الفورية المستحصلة بموجب احكام هذا القانون لمنتسبي المرور .

**رابعاً :**
لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون .

**خامساً :**
على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون .

**سادساً :**
ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية .

**د. رۆژ نــوری شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم القرار: ١٩**
**تأريخ القرار: ٢٠٠٠/١٠/١**

(( **قــرار** ))

بناءاً على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المرقمة (٦) والمنعقدة بتأريخ ٢٠٠٠/١٠/١ استناداً الى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة (١٩٩٢) المعدل وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من المادة الثانية من القانون رقم (١٠) لسنة (١٩٩٧) قررنا إصدار القانون الأتي :

## قــانــون
## رقم (٥) لسنة ٢٠٠٠
## قانون التعديل الأول لقانون وزارة المساعدات الأنسانية والتعاون لإقليم كوردستان العــراق رقم (٢٠) لسنة ١٩٩٣

**المادة الأولى:**
تعدل المادة الخامسة من قانون وزارة المساعدات الإنسانية والتعاون لإقليم كوردستان

العـراق رقم (٢٠) لسنة (١٩٩٣) وتقـرأ على الوجـه التالــي :-

**المادة الخامسة:**

تتألف تشكيلات الوزراة من :-

١. مكتب الوزيــر .
٢. مكتب وكيـل الوزارة .
٣. المديريــة العامــة للديــوان : يرأسها موظـف بدرجـة مديــر عـام علـى ان يكـون مـن حملـة الشهادة الجامعيــة الأوليــة وترتبط بها :
   أ. مديرية الحسابات .
   ب. مديرية التدقيق .
   ج. مديرية الإدارة والذاتيـة .
٧. المديريـة العامـــة للعلاقـــات : يرأسـها موظـف بدرجـة مـدير عـام علـى يكـون مـن حملـة الشهادة الجامعية الأولية وترتبط بها :
   أ. مديرية المنظمات .
   ب. مديرية التنسيق وأعداد المشاريع والمتابعة .

٥.المديرية العامة للسـفر: يرأسها موظف بدرجة مدير عام يحمل شهادة جامعية أولية.

٦.المديرية العامة لممثليات حكومة ألإقليم في الخارج : ويرأسـها موظـف بدرجـة مـدير عـام يحمـل شهادة جامعية أولية على ان يجيد اللغة الإنكليزية على الأقل وتـرتبط بهـا ممثليـات حكومـة أقلـيم كوردستان العراق في الخارج وتمنح تلك الممثليات الصلاحيات التالية :

أ. تحرير التركات .
ب. تبليغ الأوراق القضائية .
ج. صلاحية كاتب العدل .
د. تنفيذ طلبات الإنابة في التحقيق .
ه. الإنابة في التحليف .
و. المخابرات المتعلقة بمعاملات الأحوال المدنية .
ز. المخابرات المتعلقة بالأعمال القنصليـة .

٧.مديرية الشؤون القانونية .

**المادة الثانيــة :**

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هــذا القانون .

**المادة الثالثـة :**

ينفذ هذا القانون أعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية .

**د. رۆژ نـــوری شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

(( الأسباب الموجبة ))

بالنظر لتوسع مهام واعمال الوزارة المتعلقة بقضايا السفر الى الخارج وفتح بضعة مديريات للسفر داخل الإقليم اصبح من الواجب استحداث مديرية عامة للإشراف على أعمال تلك المديريات وتنظيم أمورهم وللتوسع الحاصل في العلاقات الدولية مع إقليم كوردستان العراق وفتح ممثليات للإقليم في دول عديدة فقد ارتأينا استحداث مديرية عامة لتنظيم الأمور المرتبطة بالدوائر المناطة بها وللأسباب المذكورة فقد شرع هذا القانون .

## بسم الله الرحمن الرحيم

**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم القرار: ١٣**
**تأريخ القرار: ٢٠٠٠/٩/٢٤**

(( قرار ))

إستناداً لحكم الفقرة (٢) من المادة (٤٣) من قانون المجلس الوطني لكوردستان – العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل و المادة (٣٥) من النظام الداخلي للمجلس رقم (١) لسنة (١٩٩٢) المعدل قرر المجلس الوطني لكوردستان – العراق بجلسته المرقمة (٣) والمنعقدة بتأريخ ٢٠٠٠/٩/٢٤ما يلي :

**اولا:** قبول استقالة ( عدنان محمد حسام الدين النقشبندي ) من عضوية المجلس الوطني لكوردستان – العراق ، لتفرغه لمهام منصب وزير الأوقاف و الشؤون الأسلامية .

**ثانياً:** تعتبر الأستقالة نافذة من تأريخ ٢٠٠٠/٩/٢٤ .

**ثالثا:** ينشر القرار في الجريدة الرسمية .

**د. رۆژ نـوری شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

## بسم الله الرحمن الرحيم

**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم القـرار: ١٤**
**تأريخ القـرار: ٢٠٠٠/٩/٢٤**

**(( قــرار ))**

إســتناداً لحكــم المــادة (٤٤) و الفقــرة (٢) مــن المــادة (٣٧) مــن القــانون رقــم (١) لــسنة ١٩٩٢ المعــدل وبنــاءاً علــى طلــب الحــزب الــديمقراطي الكوردســتاني / المكتــب الــسياسي المــرقم (١١٥٦) و المــؤرخ ٢٠٠٠/٩/١٦ بأعتبــار صــاحب القائمــة الأنتخابيــة ( الــصفراء ) قــرر المجلــس الــوطني لكوردســتان – العــراق بجلسته المرقمة (٣) و المنعقدة في ٢٠٠٠/٩/٢٤ ما يلـي :

**اولاً:** قبــول عــضوية ( المرشــح ) د. ادريــس هــادي صــالح في المجلــس الــوطني لكوردســتان – العــراق و حلولــه محــل العــضو المتــوفي المرحــوم كــانبي عزيــز دزەيی .

**ثانياً:** يعتبر القـرار نافـذاً اعتباراً من ٢٠٠٠/٩/٢٤ .

**ثالثاً:**ينشر القـرار في الجريـدة الرسـمية .

**د. رۆژ نــوری شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

## بسم الله الرحمن الرحيم

**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم القرار: ١٥**
**تأريخ القرار: ٢٠٠٠/٩/٢٤**

(( **قــرار** ))

إســتناداً الى أحكــام الفقــرة (١) مــن المــادة (٥٦) مــن القــانون رقــم (١) لــسنة ١٩٩٢ المعــدل قــرر المجلــس الــوطني لكوردســتان العــراق بجلــسته المرقمــة (٣) والمنعقدة في ٢٠٠٠/٩/٢٤ مايلي :

**أولاً**: نظراً للمواقف التأريخية المشرفة للشخصيات المدرجة ادناه من الحقوق القومية للشعب الكوردي و حركته التحررية وأهدافها النبيلة و مطاليبها العادلة ووفاءاً من شعب كوردستان العراق لموقفهم الأنساني منه فلقد قرر المجلس الوطني لكوردستان – العراق تكريمهم بما يتلاءم و منزلتهم العالية و يضمن خلودهم في ذاكرة شعبنا وأجياله القادمة وهم:

أ.المرحوم الرئيس جمال عبدالناصر رئيس جمهورية مصر العربية الأسبق .
ب.المرحوم أية الله العظمى السيد محسن الحكيم المرجع الديني للشيعة .
ج.المرحوم عزيز شريف وزير الدولة السابق في العراق .
د.المرحوم كامل الجادرجي رئيس الحزب الوطني الديمقراطي في العراق .
هـ المرحوم محمد مهدي الجواهري شاعر العرب الأكبر .

**ثانيــاً**: لمجلــس الــوزراء تــبني الــصيغ الملائمــة لتكــريمهم بمــا يليــق بمقــام كــل مــنهم وتحقق الغاية من أصدار هذا القــرار .

**ثالثاً**: على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القــرار .

**رابعــاً**: ينشر القرار في الجريدة الرسمية .

**د. رۆژ نــوری شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

## بسم الله الرحمن الرحيم

**بإسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العـراق**
**رقم القــرار: ١٦**
**تأريخ القـرار: ٢٠٠٠/٩/٢٤**

**(( قــرار ))**

إسـتناداً الى الـصلاحية المخولـة لنـا بموجـب الفقـررة (٣) مـن المـادة الثانيـة مـن القـانون رقـم (١٠) لـسنة ١٩٩٧ وبنـاءاً علـى مـا شـرعه المجلـس الـوطني لكوردسـتان – العـراق بجلـسته المرقمـة (٣) و المنعقـدة بتـأريخ ٢٠٠٠/٩/٢٤ قـررنا إصـدار القـرار الأتـي :

**أولاً:** يمدد العمل بقـرار المجلس الوطني لكوردسـتان – العـراق المـرقم (١٧/لـسنة ١٩٩٩)أعتبـاراً من ٢٠٠٠/٨/٤ و لغاية ٢٠٠١/١/٤ .

**ثانياً:** على وزيـر الداخليـة تنفيـذ هـذا القـرار .

**ثالثاً:** ينشر القرار في الجريدة الرسمية .

**د. رۆژ نـوری شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

## بسم الله الرحمن الرحيم

**بإسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العـراق**
**رقم القــرار: ١٧**
**تأريخ القـرار: ٢٠٠٠/٩/٢٦**

**(( قــرار ))**

إستناداً لحكم المادة (٤٤) والفقرة (٢) من المادة (٣٧) من القانون رقم (١) لـسنة ١٩٩٢ المعـدل وبناءاً على طلب الحزب الديمقراطي الكوردسـتاني / المكتـب الـسياسـي المـرقم (١١٥٦) والمـؤرخ ٢٠٠٠/٩/١٦ بأعتباره صاحب القائمة الأنتخابيـة (الـصفراء)قـرر المجلـس الـوطني لكوردسـتان – العراق بجلسته المرقمة (٤) والمنعقدة في ٢٠٠٠/٩/٢٦ ما يلي :

**أولاً:** قبول عـضوية (المرشـح) جـلال سـليم رسـول خوشـناو في المجلـس الـوطني لكوردسـتان – العراق وحلوله محل العضو المستقيل عدنـان حسـام الدين النقشبندي .

**ثانياً:** يعتبر القـرار نافـذاً أعتبـاراً من ٢٠٠٠/٩/٢٦ .

**ثالثاً:** ينشر القرار في الجريدة الرسمية .

**د. رۆژ نـوری شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة أقليم كوردستان العراق – تصدرها وزارة العدل

العدد (٤) السنة الاولى ١٨/١٠/٢٠٠٠م (٢٦) رەزبــەر ٢٧٠٠ ك (٢٠) رجب ١٤٢١ هـ

## في هـذا العـدد

• **قــرار رقم ١٨ في ٢٧/٩/٢٠٠٠**

**قـانـون رقم ٤ لســنة ٢٠٠٠**

قانــون تنظيم الغرامات المروريــة في أقليم كوردســتان – العــراق

• **قــرار رقم ١٩ في ١/١٠/٢٠٠٠**

**قانـون رقم ٥ لســنة ٢٠٠٠**

قانــون التعـديل الأول لقانــون وزارة المســاعدات الأنسانية و التعاون

• **قــرار رقم ١٣ في ٢٤/٩/٢٠٠٠**

قبــول أســتقالة السـيد عـدنـان النقشـبندي من عضــوية المجلس الوطني لكوردستان العـراق

• **قــرار رقم ١٤ في ٢٤/٩/٢٠٠٠**

قبــول عضــوية المرشــح د . أدريس هــادي صــالح في المجلس الوطني لكوردستان العــراق

• **قــرار رقم ١٥ في ٢٤/٩/٢٠٠٠**

تكــريم مجمـوعة من الشــخصيات العربيــة و العـراقيـة

• **قــرار رقم ١٦ في ٢٤/٩/٢٠٠٠**

تمـديد العمــل بقــرار المجلس الـوطني لكوردســـتان العـــراق

المرقم ١٧ لســنة ١٩٩٩ أعتبــاراً من ٤/٨/٢٠٠٠ ولغــأيــة ٤/١/٢٠٠١

• **قــرار رقم ١٧ في ٢٦/٩/٢٠٠٠**

قبـول عضـوية المرشـح جـلال ســليم خوشناو في المجلس الوطني لكوردســتان العـراق

سعر النسخة ( ٥ ) دنانير البـدالــة ( ٤٣٥٣ ـ ٤٣٥٢ ـ ٤٣٥١ ـ ٢٠٥١٢ )